سەرۆک وەزیران پێڕێکی گەورەی ڕاگەیاند بۆ پاپشتیکردنی کلتوور و هونەر لە عێراق



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ دووشەممە پێڕێکی گەورەی کلتووری و هونەری لە عێراق دەستپێکرد بۆ پاپشتیکردنی سینەماو دراما و شانۆ و ئەدەب و هونەری تشکیلی و ئەدەب و کتێب و ئەدەبیاتی منداڵان و ڕایگەیاند کە بڕی سیانزە ملیار و پێنج سەد ملیۆن دیناری عێراقی تەرخانکردوە بۆ جێبەجێکردنی پێڕۆکە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران ڕایگەیاند:سودانی پشوازی کرد لە ژمارەیەکی گەورە لە ئەستێرەکانی هونەری عێراقی و نوێنەرانی یەکێتی نووسەران و ژمارەیەک لە نووسەران و هۆشنبیران".

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی کردەوە لە تەواوکردنی هۆوشوێنکانی تەرخانکردنی دارایی پێویست بۆ چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکان کە بەهێی نبوونی پشتیوانی و دەستپشخەریەوە تووشی وەستان بوون، هەروەها جەختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە کەرتی تایبەت بچێتە ناو بەرهەمهێنانی هونەریەوە نەک تەنها پشت بە حکومەت ببەستن و ئاماژەی بۆش کرد چیتر پێویست ناکات هونەرمەندان لە کارە هونەرییەکاندا هەڵچاوی هەستی حکومەت یان هیچ لایەنێک بکەن، و تاکە مەرجی ئەمە ئەوەیە کە

کوالیتییکی باشیان هەبێت و بۆ ئاستێکی هونەری بەرز بێت.

سودانی ئاماژەی بۆدا کە بواری کلتووری و هونەرییەکان گرنگییەکی زۆریان هەیە بۆ حکومەت بەهۆی کاریگەری بەرهەمەکان و فیستیڤاڵە ئەدەبی و هونەرییەکان لە دروستکردنی تێگەیشتنێکی ئەرێنی لەسەر سڤامگیری وڵات، هەروەها کاریگەری وەبەرهێنانی هونەر و کلتوور لە بەرێنگاربوونەوەی دیاردە مڵترسیدارەکان وەک تووندوتیژی و تووندڕەوی و ماددە هۆشبەرەکان و جێختیشی کردەوە لەوەی کە ئەرکی حکومەت گرنگیدانە بە هونەرمەندان و داهێنەران و پێشتر 5 ملیار دینار تەرخانکرا بۆ سندیکای هونەرمەندان و تایبەت بوو بۆ سندوقی خانەنشینی هونەرمەندانەوە، هەروەها 3 ملیار دیناریش بۆ سندوقی هاوکاری کەمئایەتی یەکێتی نووسەران تەرخانکرا.

ئاماژە بەوە دەکرێت کە پڕۆژەکە 5 ملیار دیناری تەرخانکردووە بۆ پاڵپشتیکردنی درامای عێراقی و بڕی 5 ملیار دینار بۆ پاڵپشتیکردنی سینەمای عێراقی و یەک ملیار دیناری عێراقیش بۆ چاپکردنی بەرهەمی ئەدەبی و فیکری بۆ نووسەران و ئەدیبان عێراقی.

هەر لە چوارچێوەی پڕۆژەکەدا 200 ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ پشتگیریکردن لە هونەرمەندانی تەشکیلی بۆ ئێنجامدانی پێشانگای تایبەت و 300 ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ پشتگیریکردنی هونەرە جەراوجۆرەکانی مۆسیقا، هەروەها یەک ملیار و نیو دینار تەرخانکراوە بۆ یەکێتی نووسەران و ئەدیبان لە عێراق بۆ ئێنجامدانی کۆنفرانس و فیستیڤاڵە فەرمییەکان، جگە لە تەرخانکردنی 500 ملیۆن دینار بۆ پشتگیریکردنی ئەدەبیاتی منداڵان.